## بۆ / سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان – عیراق / لیژنەی دارایی وکاروباری ئابووری

## بابەت / راپۆرتی لیژنەی یاسایی لەبارەی بودجەی ساڵی ٢٠١٢وە

لیژنەی یاسایی زنجیرەیەك کۆبوونەوەی بەست بەمەبەستی بودجە،کە دوایینییان لە رۆژی ٦/ی حوزەیرانی /٢٧١٢ ی کوردی رێکەوتی رۆژی ٢٠١٢/٥/٢٧ ی زایینی بۆ لێکۆڵینەوە لە ( پرۆژە یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان – عیراق بۆ ساڵی ٢٠١٢ ) کە لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانەوە بە نووسراوی ژمارە ٤٨٦٩ لە ٢٠١٢/٥/٧ پێشکەش کرابوو، لەلایەن پەرلەمانەوە لەدانیشتنی ئاسایی ژمارە ( ١٣ ) ی رۆژی ٥/٨ /٢٠١٢ خوێندنەوەی یەکەمی بۆکرا و بۆ لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری بە نووسراوی سەرۆکایەتی پەرلەمان ژمارە ( ك /٩٧٨ ) لە ٢٠١٢/٥/٩ نێردرا. هەروەها بۆ لیژنەکان وئەندامانی پەرلەمان – یش نێردرا. لیژنە، لەگەڵ وەزیری داد و ئەو وەفدەی یاوەری بوو لەرۆژی ٢٠١٢/٥/٢٣ کۆبووەوە، هەروەها گفتوگۆ وئاڵوگۆڕی بیروڕای کرد لە بارەی ئەوەندەی پەیوەندی بە دەسەڵاتی دادوەرییەوە هەیە بە گوێرەی ماددەی ( ٨١ ) ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ، لیژنە، باری سەرنجەکانی لەسەر ئەو بەشە پێشکەش دەکا کە پەیوەندی بە پسپۆڕی ئەوەوە هەیە لە چوارچێوەی بودجەی گشتیدا ودوای وتووێژ و پرس وڕا گۆڕینەوە لیژنە راپۆرتی خۆی وراسپاردەکانی لەبارەی بودجەو یاساکەیەوە پێشکەش دەکا ، بەم شێوەیەی خوارەوە:

### ( یەکەم ) : سەبارەت بە بودجە بە شێوەیەکی گشتی

١– پێویستە ئیلتیزام بە ماددەی ( ٧٩ ) ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانەوەبکرێ، بەو پێیە پێویستە بودجە لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەم وبەر لە ساڵی دارایی بگاتە پەرلەمان.

٢– ئەوەی پەیوەندی بە حیسابی کۆتایی ( الحساب الختامی ) ساڵی دارایی ٢٠١١ وە هەیە پێویستە وەزارەتی دارایی حیسابی کۆتایی ساڵی دارایی ٢٠١١ لەکاتی بڕیاردراودا ئامادە بکا بەگوێرەی یاسای ئیدارەی دارایی وقەرزی گشتی ژمارە ( ٩٥ ) ی ساڵی ٢٠٠٤ ( بەشی ( ١١ ) برگە ( ٦ ) ی) لە ماوەیەکدا کەدوورترینی ١٥/ ٤/ ٢٠١٢ یە.

٣- بۆ جێبەجێکردنی یاسای دیوانی چاودێری دارایی ژمارە (٢) ٢٠٠٨ لە هەرێمدا جەختکردن لەسەرخستنەڕووی راپۆرتەکانی پێشکەش بە پەرلەمان کراون بۆ گفتوگۆ لەبارەی زانینی چۆنییەتی سەرفکردنی بودجە وداهاتەکان و جێبەجێکردنی رێسای چاودێری سامانی گشتی ،و بۆ بەدواداچوونی جێبەجێکردنی حوکمەکانی بودجەی ئیتحادی بە هەماهەنگی و هاوکاری لەگەڵ دیوانی چاودێری دارایی ئیتحادی بەگوێرەی ماددەی (١٤) ی یاسای بودجەی عیراق.

٤- لیژنە پێشنیازی جەختکردن دەکا لەسەر بابەتی جایزنەبوونی پێشنیازکردنی زیادکردنی خەرجییەکان و دروستکردنی خەرجی تازە لە بودجەدا وهەروەها ناتوانستی کەمکردنەوەی داهاتەکان ئەگەر پێشنیازەکە بە دیاریکردنی ئامرازەکانی بەدیهێنانی پشت ئەستوور نەبێ، ودەشێ داوای لێك گواستنەوە ( مناقلە ) بکرێ لە نێوان بەند وبابەت و بەشەکان لە ناو بودجەی تەرخانکراودا بە پێی ئەوەی لە ماددەی ( ٨٣ ) ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا هاتووە.

٥- زیادکردنی ئەورێژانەی بە پێی ماددەی ( ٢٣ / دووەم ) ی یاسای بودجەی ئیتحادی ساڵی ٢٠١٢ دیاریکراون لەبری هەناردەی نەوتی خاوی نێرراو لەماوەی شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵ لە بەشی هەرێم پاش پڕکردنەوەی کورتهێنان (العجز) لە بودجە وجیاکردنەوەی خەرجییەکانی سیادی وحاکمییەتی ئەگەر هەبوو.

٦- گوژمەی پەرەپێدانی پارێزگاکان نابێ بخرێتە ناو بودجەی گشتی هەرێم چونکە لە دەرەوەی سنووری بودجەوە تەرخانکراوە وبڕی تەرخانی خۆی هەیە و ڕاستەوخۆ دەخرێتە چوارچێوەی تەرخانکردن (تخصيصات)ی پارێزگاکان، وتۆمارکردنی لە ناو بودجەدا زیادکردنی گوژمەیەك دەگەیێنێ کە لە ئەسڵدا حسێبی بۆ نەکراوە لە ناو بودجەی گشتیدا چونکە کاردەکاتە سەر وەبەرهێنان و گەشەپێدانی پرۆژەکان کە بۆیان تەرخانکراوە لەناو تەرخانکراوەکانی گەشەپێدانی پارێزگاکان ( تخصيصات تنمية المحافظات) کە بەسەر هەمووپارێزگاکانی عیراق دابەش دەکرێ ولەناویشیاندا پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان .

٧- جەختکردن لەسەر دامەزراندنی سندووقی کوردستان بۆ داهاتەکانی نەوت کەباسی کراوە لە ماددەی پازدەمی یاسای نەوت وگازی هەرێمی کوردستان – عیراق ژمارە ( ٢٢ )ی ساڵی ٢٠٠٧.

٨- ناشێ هیچ لێك گواستنەوە ( مناقلە )یەك لەناو تەرخانکراوەکانی ( بنیاتنان وگەشەپێدانی پرۆژەکانی هەرێم و پارێزگاکان ) بکرێ لەنێوان پارێزگاکاندا .

٩- وەزارەتەکان دەبێ کاروباری خۆیان بگونجێنن بە گوێرەی یاساکانیان سەبارەت بە دامەزراندنی پلەتایبەتەکان ( بەڕێوەبەری گشتی بۆ سەرەوە ) .

١٠- بەگوێرەی ماددەی (١٢)ی یاسای ژمارە (١٤) ی ساڵی ٢٠٠٨ی یاسای ئەنجوومەنی راوێژکاری (شوری) هەرێمی کوردستان ، لیژنە پێشنیاز دەکا گوژمە تەرخان بکرێ بۆدروستکردنی بینای دادگاکان وپێکهێنانی دادگای ئیداری لەناوەندی پارێزگاکان لەهەرێمدا بەمەبەستی هەڵگرتنی ئەرکی سەر شانی هاووڵاتی بە هاتنی بۆ پایتەخت لە کاتی پێشکەشکردنی شکایەتدا.

١١- دابینی تەرخانکردنی پێویست بۆدامەزراندنی دادوەری تازە و پەرەپێدانی تواناو لێهاتوویی دادوەرەکان و ئەندامانی داواکاری گشتی بەکردنەوەی خول وبەشداری کردنیان لە کۆنگرەی نێودەوڵەتی تایبەت بە دادوەری.

١٢- بەدیهێنانی هاوسەنگی و دادپەروەری لە پێدانی دەرماڵە بە فەرمانبەرەکان لە هەموو داوودەزگا وفەرمانگەکانی هەرێمدا . تێبینی کراوە کە لەوەزارەتی داد توێژێکی فەرمانبەرانی ئەم وەزارەتە مافیان خوراوە و دەرماڵەی کارمەندانی سەرپەرشتی عەدلی وداواکاری گشتی (٥٠ ٪) ی کەمترە لە دەرماڵەی بەشەکەی تری فەرمانبەرانی ئەم وەزارەتەن دەبێ هاوسەنگی و دادپەروەریی هەبێ لە پێدانی دەرماڵە بۆ هەموو کارمەندانی وەزارەت.

١٣- حکومەت پابەند نەبووە بەجێبەجێکردنی حوکمەکانی ماددەی (٣٠) یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان ژمارە (٦) ی ساڵی ٢٠١١ تایبەت بە بەدیهێنانی یەکسانی لە نێوان مووچە ودەرماڵەی کارمەندانی هەرێم وهاوشێوەکانیان لە حکومەتی ئیتحادییدا، بۆ نموونە لێکۆڵەری دادوەری ( المحقق العدلی ) .

١٤- جەختکردن لە جێبەجێکردنی بڕگەی (چوارەم) لە ماددەی (دووەم) ی یاسای وەزارەتی پلاندانان ژمارە (٧) ی ساڵی ٢٠٠٦ تایبەت بە دیاریکردنی ئەولەوییەتی پڕۆژەکان لەلایەن وەزارەتی پەیوەندیدارەوە وبە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پلاندانانددا.

١٥- پەلەکردن لەپێکهێنانی ئەنجوومەنی گشتی راژە بە گوێرەی یاسای ( ئەنجوومەنی گشتی راژە ) ژمارە (٧) ی ساڵی ٢٠١١، چونکە ئەو مەرجەکانی دامەزراندن دیاری دەکا ت وسیاسەتی گشتی راژە لە هەرێمدا رەنگرێژ دەکات.

١٦- لیژنەکەمان لەکاتی بەدواداچوونیدا بۆ رێنماییەکانی کە لە وەزارەتی دارایی و ئابووری دەرچووە تێبینی کرد کە هەندێکیان لەگەڵ ئەویاسایانەدا ناکۆکن کە رێنماییەکان پشتیان پێ بەستووە وبە جۆرێك بۆتە مایەی ئاڵۆزی وزیدەبوونی رۆتین. هەر بۆ نموونە ونەك بۆ ژماردن یاسای پێشینەی هاوسەرگیریی ژمارە ( ١٧ ) ی ساڵی ٢٠١٠ ویاسای دابینکردنی یەکەی نیشتەجێبوون ژمارە ( ٧ ) ی ساڵی ٢٠٠٨ ی هەموارکراو بە یاسای ژمارە ( ١٦ ) ی ساڵی ٢٠١١ ، لە کاتێکدا کە مەبەست لە رێنماییەکان کارئاسانییە بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکانی یاساکان وکەمکردنەوەی رۆتین.

١٧- بەگوێرەی ماددەی ( سێیەم ) ی یاسای هاوسەرگیریی ژمارە ( ١٧ )ی ساڵی٢٠١٠ بڕی دیاریکراو بۆ پێشینەی هاوسەرگیریی ساڵانە لە بودجەدا تەرخان دەکرێ بە شێوەیەك کە لەگەڵ باری ئابووریدا گونجاو بێ، چونکە حکومەت گوژمەی ساڵانە لە چوارچێوەی بودجەی گشتیدا بۆ دابینکردنی پێشینەی هاوسەرگیریی تەرخان دەکا بۆ ئەو هاووڵاتیانەی دەیانەوێ دەستیان پێ بگات بە گوێرەی ماددەی ( ١ ) لە یاسای ناوبراو.

١٨- بۆ درێژەدان بە دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون بۆ هاووڵاتیانی کەم دەرامەت وبەگوێرەی ماددەی ( چوارەم ) ی هەموارکراو لە یاسای ژمارە ( ١٦ ) ی ساڵی ٢٠١١ یاسای هەمواری یەکەمی یاسای دابینکردنی یەکەی نیشتەجێبوون لە هەرێمدا ژمارە ( ٧ ) ی ساڵی ٢٠٠٨ حکومەت گوژمەیەکی ساڵانە لە ناو بودجەی گشتی هەرێمدا بۆ دابینی دروستکردنی_یەکەی نیشتەجێبوون تەرخان دەکات، و سندووقێك دادەمەزرێنێ بە ناوی (سندووقی نیشتەجێبوون) لە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە وبیشتەجێبوون وساڵانە ئەو بڕە گوژمەیەی تێ دەهاوێت کە لە بودجە تەرخانکراوەبۆ ئەم مەبەستە.

١٩- ئیلغاکردنەوەی تەرخانکراوی بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ئەوگوژمەیەی بۆ ئەم مەبەستە تەرخانکراوە بخرێتە سەر گوژمەی تەرخانکراو بۆ پڕۆژەکانی وەبەرهێنان .

## ( دووەم ): سەبارەت بە پڕۆژەی بودجە

## ئەوەی پەیوەندی بە پڕۆژە یاسای بودجەوە هەیە لیژنە رای خۆی بەم چەشنە دەردەبڕێ:

- **ئەوەی پەیوەندی بە دیباجەکەیەوە هەیە:**

(پێشەکی) یان دیباجەکەی تایبەتمەندە بە سەرۆکایەتی هەرێمەوە نەك پەرلەمان ، بۆیە پێویستە بگۆڕدرێت بە پێشەکیی پەرلەمان هەروەکو پەیڕەوکراوە لە کاتی یاسادانانندا .

- **بەڵام سەبارەت بە ماددەکانی یاساکە :**

### یاسای ژمارە (    ) ی ساڵی ٢٠١٢

### یاسای بودجەی گشتی هەرێمی کوردستان – عیراق بۆ ساڵی دارایی ٢٠١٢

### بەشی یەکەم

### ( داهاتەکان )

**سەبارەت بە ماددەی یەکەم:** زۆرینە پشتگیری ماددەکە دەکات ، و کەمینە پێشنیاز دەکات کە دەرامەت یان داهاتەکان روون بکرێنەوە بۆ ئەوەی بودجە دوودەرە (شفاف) بێت .

## بەشی دووەم

## ( خەرجییەکان وکورت هێنان )

**سەبارەت بە ماددەی دووەم** : تێبینی لەسەر ( یەکەم / ج ) ی ماددەکە هەیە، لیژنە پێشنیاز دەکا کە ڕستەی ( و خەرجکردن بە رێگای پارەپێدان ( تمویل ) ەوە دەبێ ودەسەڵاتی خەرجکردنی راستەوخۆ بە سەرۆکی ئەنجوومەنی دادوەری دەدرێ لە چوارچێوەی متمانەکانی( الاعتمادات) کە بۆ ئەنجوومەنی دادوەری تەرخان کراوە.

**سەبارەت بە ماددەی سێیەم** : لیژنە پێشنیازدەکا کە وشەی ( دەگرێتە ئەستۆ) لە سەرەتای ماددەکەدا بگۆڕێ بە ( لەسەر ) و دارِشتنەکەی بەم جۆرە بێ:

**ماددەی سێیەم :** لەسەر وەزارەتی دارایی وئابووری هەرێمی کوردستان – عیراق پێویستە تەمویلی ژمێریاری وەزارەتەکان و ئیدارەکان بکات بەگوێرەی سەرچاوەکانی دارایی رێگەپێدراو ) . بۆ ئەوەی ئەم کارە پێویست بێت نەك شیاو.

سەبارەت بە ماددەی چوارەم : لیژنە پێشنیاز دەکا کە ژمارە بۆ ماددەکە دابنرێ و دابەش بکرێ بۆ دوو برِگە ( یەکەم ) و ( دووەم ) ، پێشەکی ماددەکە بیێ بە برِگەی ( یەکەم ) ی وهاوێرەکەش ( الاستثناء ) بکرێ بە برِگە ( دووەم ) ی .

## بەشی سێیەم

## ( دەسەلاتەکان )

**سەبارەت بە ماددەی پێنجەم :** هیچ تێبینییەك نەبوو لە بارەیەوە .

**سەبارەت بە ماددەی شەشەم :** دوو را هەیە لە بارەیەوە:

رای یەکەم : زۆرینە لەگەلێدایە .

رای دووەم : پێشنیازی ئەمەی خوارەوە دەکات بۆ برِگەی ( یەکەم ) وماددەکە بەم چەشنە دەبێت بە هەردوو برِگەکەیەوە:

**یەکەم:** خەرجکردن لە متمانەکانی ( الاعتمادات ) حیساباتی سەرەکی خەرجییەکان ( مووچە ، کەلوپەل و خزمەتگوزاری، سوو ، بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ، بەخشش ، باربوو ، خەرجییەکانی تر )و خەرجیی پرۆژەکانی بریارلەسەردراو لەچوارچێوەی بودجەی گشتی هەرێمدا لەلایەن وەزیری دارایی وئابووری چرِدەکرێتەوە وبۆ وەزیری پسپۆر یان سەرۆکی ئەو لایەنەی بە وەزارەتێکەوە نەبەستراوەنەتەوە یان پارێزگار یان

سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگا هەیە دەسەڵاتی خەرجکردنی هەیە راستەوخۆ لەبەر رۆشنایی متمانە تەرخانکراوەکان ( الاعتمادات المخصصە ) لەبودجەی ساڵانەکەیدا و بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی دارایی وئابووری دا.

**دووەم:** بۆ ئەنجوومەنی وەزیران هەیە کە دەسەڵات بدات بە سەرۆکی ئەو لایەنانەی بە وەزارەتێکەوە نەبەستراونەتەوە یان وەکیلی وەزارەتەکان و بەرێوەبەرە گشتییەکان و سەرۆکی یەکە ئیدارییەکان کە دەسەڵاتی خەرجکردنیان هەبێت راستەوخۆ لەبەر رۆشنایی تەرخانکراوە بڕیارلێدراوەکان (التخصیصات المعتمدة) لە چوارچێوەی بودجەی ساڵانەیاندا، ئەمەش بە بڕیارێکی ئەنجوومەن دەبێت کەبۆ ئەم مەبەستە دەرچووبێت. وئەنجوومەن بۆی هەیە چاو بخشێنێتەوە بەو دەسەڵات پێ بەخشینە بەگوێرەی پێویستییەکانی بەرژەوەندی گشتی وجێبەجێکردنی پرنسیپی لامەرکەزی .

**سەبارەت بە ماددەی هەفتەم :** هیچ تێبینییەك نەبوو لە بارەیەوە، تەنیا زیادکردنی وشەی ( یەك دادوەری ) بۆ دوای لەسنووری یەك پاریزگایی لەبڕگەی (سێیەم) یدا .

**سەبارەت بە ماددەی هەشتەم :** دوو را هەیە لەبارەیەوە:

رای یەکەم : زۆرینە پشتگیری دەکات .

رای دووەم : پێشنیازی لابردنی دەکات .

**سەبارەت بە ماددەی نۆیەم :** هیچ تێبینییەك نەبوو لەبارەیەوە.

**سەبارەت بە ماددەی دەیەم :** لیژنە پێشنیازدەکا کە ڕستەیەك لە ( جگە لەوپاداشتانەی کە دەدرێن بەوانەی لە پرۆژەکانی وەبەرهێنان کاردەکەن لە رێژەی بەدواداچوون وسەرپەرشتی ) لەماددەکەدا، ودارشتنەکەی بە جۆرە دەبێ:

" پاداشتی دەدرێ بە فەرمانبەران نابێت لە دوو ملیۆن زێتر بێت ساڵانە بۆ یەك کەس و لەچوارچێوەی تەرخانکراوی بڕیارلێدراو لە بودجەی تایبەتمەند وبە گوێرەی رێنماییەك بێت کە وەزارەتی دارایی وئابووری دەری دەکات. "

## بەشی چوارەم

## ( میلاکات )

**سەبارەت بەماددەی یازدەم:** لیژنە پێشنیار دەکا کە بڕگەی ( دووەم ) ی بەم جۆرە دابڕێژرێ:

" دووەم: لەسەر دەزگا و وەزارەت وئەولایەنانەیە کە بە وەزارەتێك نەبەستراونەتەوە ژمارەی پلەی فەرمانبەرانی نوێباو ( مستحدث) لەناو میلاکی ساڵی ٢٠١٢ بەسەر میلاکی دەزگاکانی هەرێم و پارێزگاکان

دابەش بکەن بەگوێرەی ڕێنماییەکانی کە لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە دەردەچێت تا ئەو کاتەی یاسای ئەنجوومەنی ڕاژە ژمارە ( ٧ ) ی ساڵی ٢٠١١ دەکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە ."

سەبارەت بە بڕگەی ( سێیەم) ، لیژنە پێشنیاز دەکا ڕستەی ( بەڵام دەبێ میکانیزمی دامەزراندن ومەرجەکانی لەیەك کاتدا یەکخراو وراگەێنراو بێت) بخرێتە دوای دەستەواژەی ( لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکاندا )، وداڕشتنەکەی بەم شێوەیە دەبێت :

" سێیەم : وەزارەتەکان ولایەنەکانی ترکە بەوەزارەتێك نەبەستراونەتەوە پلەکانی فەرمانبەری نوێباو لە میلاکی ٢٠١٢ لە ڕۆژنامەکانی ناوخۆ ڕادەگەێنن بەڵام دەبێ میکانیزمی دامەزراندن و مەرجەکانی لەیەکاتدا یەکخراو وراگەێنراو بێت "

سەبارەت بە بڕگەی ( پێنجەم ) ، لیژنە پێشنیاز دەکا داڕشتنەکەی وەکو ئەمەی خوارەوەبێت ، پاش تێکهەڵکێش کردنی لەگەڵ ماددەی بیست دا:

" پێنجەم : نابێت گرێبەست بۆ کارکردن لە فەرمانگەکانی هەرێمدا بکرێت ئەگەر ڕەزامەندی وەزارەتی دارایی وئابووری وەرنەگیرێت و ئەوانەی پێشتر گرێبەستیان بۆ کراوە یەکەمییەتیان دەبێت.

**سەبارەت بە ماددەی دوازدەم:** هیچ تێبینییەك نەبوو لەبارەیەوە .

**سەبارەت بە ماددەی سێزدەم :** لیژنە پێشنیاز دەکا ئیلغا بکرێتەوە چونکە لەگەڵ یاساکارپێکراوەکانی خزمەت وخانەنشینی هەرێم ناگەنجێ.

## بەشی پێنجەم
## ( حوکمەکانی کۆتایی )

**سەبارەت بەماددەی چواردەم :** لیژنە پێشنیازدەکا بڕی ئەو مەبلەغە دیاری بکرێت کە بۆجێبەجێکردنی پڕۆژەکانی گەشەپێدان و پەرەپێدانی تواناکانی کوردستان لە ڕووی مرۆییەوە ئەوەی لە بودجەدا هاتووە لەم ماددەیەدا، لەگەڵ پێدانی قەرز بۆ ئەوانەی پڕۆژەکە نایانگرێتەوە لەو گوژمەیەی کە بۆئەوانە دیاری کراوە کە لە خوێندنی بەرز وەردەگیرێن ( دبلوم ، ماجستێر و دکتۆرا ) . پێشنیازدەکەین داڕشتنەکەی بەم جۆرە دابڕێژرێتەوە:

" ماددەی چواردەم :

**یەکەم:** مەبلەغێك بڕی (     ) دینار بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەکانی گەشەپێدان و پەرەپێدانی تواناکانی کوردستان لەڕووی مرۆییەوە دیاری دەکرێت بەمەبەستی ئامادەکردنی کادیری پسپۆڕ لە بوارە جیاجیاکاندا کە هەرێم پێویستی پێیان هەیە ئەویش لە ڕێی زەمالەو نێردە و توێژینەوەو خولی مەشقپێکردن لەژێر سەرپەرشتی دەستەی

بالاّی پێکهاتوو بە سەرۆکایەتی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران وجێگرەکەی و وەزیرەکانی ( پەروەردە وخوێندنی بالاّ وتوێژینەوەی زانستی و پلاندانان ) بەگوێرەی پەیڕەوی پەسەندکراو لە لایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە.

**دووەم:** قەرز بە بڕی (  ) دینار بدرێت بەوانەی حوکمەکانی ماددەی ( یەکەم ) ی سەرەوە نایانگرێتەوە" .

**سەبارەت بە ماددەی پازدەم :** دوو را هەیە :

رای یەکەم : زۆرینە لە گەڵیدایە.

رای دووەم : پێشنیازدەکا  کە پڕۆژەکانی رێکخراوە ناحکومییەکان دەربهاوێژرێن لە ناو ماددەکە و ماددەکە تەنیا حزبەکان بگرێتەوە.

**سەبارەت بە ماددەی شازدەم :**سەبارەت بە بڕگەی (٥) ی ماددەکە، لیژنە پێشنیازدەکا داڕشتنەکەی بەم شێوە بێ :

" **٥-** بەردەوامبوون لە سندووقی پشتگیری پڕۆژە بچووکەکان بەگوێرەی یاسای سندووقی پشتگیری پڕۆژە بچووکەکانی گەنجان ژمارە ( ٢ ) ی ساڵی ٢٠١١ ."

سەبارەت بەبڕگەی (٦) ،پێویستە بڕی پێشینەی هاوسەرگیری ساڵانە دیاریبکرێ لە بودجەی گشتیدا بەجۆرێك کە گونجاو بێت لەگەڵ باری ئابووری ( بەگوێرەی ماددەی ٣ ) لەیاسای پێشینەی هاوسەرگیری ژمارە (٧) ساڵی ٢٠١٠ و پێشنیاری داڕشتنی خوارەوە دەکەین :

" ٦- بەخشینی پێشینەی هاوسەرگیری بەبڕی (      ) ملیۆن دینار و کوڕی شەهیدو ئەنفالکراوان لە گێڕاندنەوەی دەبەخشرێن. "

وسەبارەت بە بڕگەی (٨) لە ماددەکە ، لیژن پێشنیار دەکا کە سندووقی نیشتەجێبوونی بخرێتە سەر، وداڕشتنەکەی بەم چەشنە دەبێ:

" درێژەدان لە پشتگیری دەستەی وەبەرهێنان و سندووقی نیشتەجێبوون لە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێبوون بۆ بەردەوامبوون لە دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون بۆ هاووڵاتیانی کەم دەرامەت لەگەڵ ئەولەویەت دان بەو پڕۆژانەی نیشتەجێبوون کە دەیانگرێتەوە لە ناحیەوگوندەکاندا. "

ولیژنە پێشنیازدەکا کە بڕگەیەك لەژێر ریزبەندی (٩) دا بخرێتە سەر ماددەکەوە، بەم شێوەیە:

" ٩- دیاریکردنی مەبلەغێك بەبڕی (    ) دینار بۆ هاوکاری ئەوانەی کاتی خۆی پەنایان بردووە بۆ ئێران وتورکیا وگەڕاونەتەوە یان بەنیازن بگەڕێنەوە بۆ هەرێمی کوردستان و پێشتر قەرەبوویان نەکراوەتەوە ."

**سەبارەت بە ماددەی هەڤدەم :** هیچ تێبینییەك نەبوو لەبارەیەوە.

**سەبارەت بە ماددەی هەژدەم :** رەتکردنەوەی بڕگەکانی ( أ ) و( د ) و ( هـ ) لە ( دووەم ) ی ماددەکە .

سەبارەت بەبڕگەی (أ) ، لەبەر ئەوەی پێویستە یەکلاکردنەوەی ژمێریاریی(التسوية الحسابية) لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ بکرێ بۆ ساڵەکانی (٢٠٠٤) تا دەگاتە (٢٠١١) وساڵانی دواتریش بە گوێرەی ماددەی (١٤ / یەکەم

/ ب ) لەیاسای بودجەی گشتی ئیتحادی  کۆماری عیراق بۆ ساڵی دارایی ٢٠١٢ لەماوەیەکی دیاریکراودا کە دوورترینی ١٥/١٠/٢٠١٢ ە.

سەبارەت بە بڕگەی ( د ) ، هەر وەزارەتێك دەبێ کرێی کارەبا بدات کەکەوتۆتە ئەستۆی لە تەرخانکراوی مالی ولەناو بەشەکانی بودجەدا شوێنێك هەیە بۆ کوژاندەوەی قەرزەکان و کرێی کارەبا بۆیە پێشنیاز دەکەین لابېردرێت.

سەبارەت بە بڕگەی (هـ) ، لابردنی بڕگەکە لەبەر بەسەرچوونی ماوەی ئاماژەبۆکراولە بڕگەکەدا کە شەش مانگی یەکەمی ساڵە و هیچ بیانوویەك نییە بۆ هێشتنەوەی .

**سەبارەت بە ماددەی نۆزدەم :** لیژنە پێشنیاز دەکا رەت بکرێتەوە، لەبەر ئەوەی هیچ پێویست نییە تەئکید لەسەر زیادنەکردنی تەرخانکردن بکرێت دوای پەسەندکردنی بودجە چونکە ئوە هەر لەبنەڕەتدا ڕێگەپێ نەدراوە.

**سەبارەت بە ماددەی بیستەم :**  پێشتر لیژنە پێشنیازی کردووە ئەم ماددەیە تێکهەڵکێش بکرێ لەگەڵ بڕگەی ( پێنجەم ) لە ماددەی ( ١١ ) .

**سەبارەت بە ماددەی بیست و یەکەم :**لیژنە پشتگیری ماددەکە دەکا وسەرنجی نییە لەبارەیەوە.

**سەبارەت بە ماددەی بیست ودووەم :** لیژنە پشتگیری ماددەکە دەکاو تێبینی نییە.

**سەبارەت بە ماددەی بیست و سێیەم :** دوو را هەیە :

رای یەکەم : لەگەڵ ماددەکە دایە .

رای دووەم : پێشنیاز دەکا رەتبکرێتەوە چونکە پڕۆژەکان پاش ئەوەی پەسەند دەکرێن لەلایەن پەرلەمانەوە نابێت سەرلەنوێ دابەش بکرێنەوە.

**سەبارەت بە ماددەی بیست وچوارەم :** وشەی (سوودوەرگرتوو) لەناو ماددەکەدا بگۆڕێت بە (خاوەن مەبەست).

**سەبارەت بە ماددەی بیست و پێنجەم:** دوو را هەیە:

رای یەکەم: پشتگیری ماددەکە دەکا پاش دانانی ریزبەندی بۆی و پێشەکی ماددەکە بکرێت بە بڕگە (یەکەم)ی و ئەوانەی تر بەریز دوای ئەو بێن .

رای دووەم: رەتکردنەوەی ماددەکە ، چونکە کەرتی گشتی کاری هاوردە کردنی کەلوپەل وکەرەستە ناکات بەڵکو ئەو کارە کۆمپانیاکان دەیکەن و ئەویش تاکە شوێنی سوودمەندە لەو بەخشینە.

**سەبارەت بە ماددەی بیست وشەشەم :** دوو را هەیە لەبارەیەوە :

رای یەکەم :رەتکرنەوەی ماددەکە چونکە ئەو بڕەی لەساڵی رابردوو بڕابوو نەخراوەتە سەرقازانجی سندووقی شەهیدان وەکو لە ماددە (٢٦) ی یاسای بودجەی ٢٠١١ هاتووە ، و لەبەر نەبوونی دادپەروەری لەدابڕینیەکاندا بۆ ئەوانەی حوکمەکانی  دەیانگرێتەوە.

رای دووەم : هێشتنەوەی ماددەکە .

**سەبارەت بە ماددەی بیست وهەڤتەم:** هیچ تێبینییەك نەبوو لەبارەیەوە.

**سەبارەت بە ماددەی بیست وهەشتەم :** هیچ تێبینییەك نەبوو لە بارەیەوە .

**سەبارەت بەماددەی بیست ونۆیەم :** هیچ تێبینییەك نەبوو لە بارەیەوە .

**سەبارەت بە ماددەی سییەم :** هیچ تێبینییەك نەبوو لە بارەیەوە .

**سەبارەت بە ماددەی سی ویەکەم :** لیژنە پێشنیازدەکا بەم جۆرە دابڕێژرێتەوە:

" کار بەهیچ دەقێك ناکرێت کە ناکۆك بێت لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە "

**سەبارەت بە ماددەی سی ودووەم:** هیچ تێبینییەك نەبوو لەبارەیەوە.

**سەبارەت بەماددەی سی وسێیەم :** هیچ تێبینییەك نەبوو لەبارەیەوە.

لیژنە پێشنیازدەکا ماددەیەك زیادبکرێت بۆ یاساکە وریزبەندی بیست وهەڤتەمی پێ بدرێت وسەرلەنوێ ماددەکانی دوای ئەو ریزبەند بکرێنەوە.

**ماددە زیادکراوەکە :**

" ئیلغاکردنەوەی هەموو جۆر تەرخانکراوێکی ( تخصیصات ) سوودە کۆمەڵایەتیەکانی وەزارەتەکان ولایەنەکانی کە نەبەستراوەنەتەوە بەوەزارەتێکەوە جگە لە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی نەبێ، وئەوە بخرێتەوە سەر پڕۆژەکانی وەبەرهێنان ."

ورایەکیش هەیە کە تەرخانکراوی سوودە کۆمەڵایەتییەکان وبەخشین وکۆمەککردن بۆ هەر سێ سەرۆکایەتییەکە و وەزارەتەکان ولایەنی نەبەستراوە بە وەزارەتێکەوە ئیلغا بکرێتەوە جگە لە وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی نەبێ کە بڕەکەی ( ١٩,٦ ) ٥ لە کۆی گشتی بودجە ، وئەوە بخرێتە سەر پڕۆژەکانی وەبەرهێنان .

داواکارین بفەرموون بە تەماشاکردن وخستنەرووی بۆچوونەکانی لیژنە بۆ پەرلەمان تا گفتوگۆی لەسەربکرێ و بخرێتە دەنگدانەوە.

**لەگەڵ ڕێـــزدا...**

**وەرگێرانی بۆ کوردی : م. دلشاد**

**چاپکردن/ کـارزان حسن**